# ئامەد و سۆسیال فۆرووم

جەلال چوارتای

## دیاردەی سەرنجڕاکێش

ئامەد(دیاربەکر) ئەو شارە بوو کە لە ڕۆژانی 27 و 28 و 29ی ئەیلوولدا نزیکەی 200"دووسەد" ڕێکخراوی جیهانی لە ئامێز گرتبوو ، ئەم ڕێکخراوانە لە گروپە سۆسیالیستیەکان پێکهاتبوون بە ناوی "سۆسیال فۆرووم" . بۆ یەکەمین جار بوو لە هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سۆسیال فۆرووم ئەنجام بدرێت ، پێشتر ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئەفریقا ئەنجام درابوو .
پاش دابەزینم لە فڕۆکەخانەی ئامەد تابلۆیەکم بینی بەدەستی جوانێکەوە ، لەسەر تابلۆکە نووسرابوو "یان ئازادی یان نەمان" بە بینینی ئەو تابلۆیە یەکسەر هەستم کرد کە ئەو جوانە لە چاوەڕوانی ئێمەدایە ، پاش چوونم بۆ لای تابلۆکە بینیم کە ژمارەیەکی دیکەش لە کەسانی نێو فڕۆکەکە بە ئاڕاستەی تابلۆیەکەوە دەچوون .
دوای پێشوازی کردنمان لەلایەن ئەو چوانە و چەندین وڵاتپارێزی دیکەوە ، بە سواری چەندین پاس ئێمەیان گوێزایەوە بۆ نێو شاری ئامەد . ئەو ئامەدەی کە تەنها لە تەلەفزیۆنەکانەوە سەرهەڵدانی جەماوەریم تێیدا بەدی کردبوو ، بەر لە بینینی ئامەد هەمیشە لەبەر خۆمەوە دەمگووت :-
تۆ بڵێی ئەم خۆپیشاندانانە خەو بێت یان ڕاستی ؟ چونکە من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە تاوەکو ڕووداوێک بە چاوی خۆم نەبینم زۆر بە درەنگ بڕوای پێدەکەم .
لەگەڵ گەیشتنمان بۆ نێو شار و دابەزینمان لە باسەکان خەوی ڕابردووم بوویە ڕاستی و تێکەڵ بە ئاپۆڕەی دەیان هەزار کەسی بووم لە ئافرەتان و پیاوان و پیر و منداڵ ، ئاپۆڕەی جەماوەرەکە بە وێنەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و ئاڕمی پ‌ک‌ک و ئاڵای کوردستان دەدرەوشایەوە ، ئێمەش شان بە شانی جەماوەری ڕاپەڕیو بە دروشمدان بەنێو شاردا دەرباز بووین بەرەو شوێنی دیاریکراو کە پارکێک بوو بە نێوی "پارکی سۆمەر" .
بەر لەوەی بگەینە پارکی سۆمەر ژمارەیەک کەس کە نزیکەی 15 کەس دەبوون لە نێو خۆپیشاندەراندا هاتنە دەرەوە و گوتیان "ئێمە ماندوین و دەبێت بچین بۆ شوێنی پشودان" .
لە شێوەی قسەکردنەکانیاندا دەرکەوت کە خەڵکی پارێزگای دهۆک بوون لە باشووری کوردستان . ئەم دیاردەیە گەلێک سەرنجی منی ڕاکێشا ، چونکە یەکسەر هەستم کرد کە هەم هاتنە دەرەوەیان لە نێو ڕیزی خۆپیشاندەران و هەم داخوازیکردنیان بۆ چوون بۆ شوێنی پشودان ئاسایی نەبوو ، لەبەرئەوەی لە نێو خۆپیشاندەراندا کەسانێک هەبوون کە هەم کورد نەبوون و هەم لە وڵاتانی دیکەوە هاتبوون کە شوێنەکانیان زۆر دوورتر بوو لە باشووری کوردستان و بە دڵێکی گەرم و ورەیەکی پۆڵاینیشەوە بەشداری خۆپیشاندانیان دەکرد بەبێ هەستکردن بە ماندوبوون .
پاش کۆتایی هاتنی خۆپیشاندان و چوونم بۆ هوتێلی (میر ئۆغلو) بینیم کە چەند کەسێک لەوانەی کە ڕیزی خۆپیشاندەرانیان چۆڵکرد لە هەمان ئوتێل بوون و لە کاربەدەستانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوون ، مەلایەکی مزگەوت و کلدانییەک و دوو کەسی ئێزدیشیان لە نێودا بوو . لە گوتەی ئەم کاربەدەستانەدا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوت کە ئەم کەسانە هەڵبژاردەی پ‌دک-عێراقن (ئاخر سۆسیال فۆروومێک کە پەیوەست بێت بە گروپە سۆسیالیست و چەپە پێشکەوتنخوازەکانەوە ، دەبێت چ جێگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی تا سەرناخ خێڵەکایەتی و ڕاسترەوی تێدا بێت؟) ، گرفتی ئەم کاربەدەستانەی پارتی ئەوە نەبوو کە چ شتێک دەگوزەرێت بەڵکو گرفتی سەرەکییان ئەوە بوو کە چۆن زمانی کوردی پارچە پارچە ببێت و هەر دەڤەرە و بە شێوە زاراوەی خۆی بخوێنێت !!!
لە دووەمین ڕۆژدا کە یەکەمین ڕۆژی پانێلەکانی دەکرد وەکو هەر بەشداربوویەکی دیکەی پانێلەکان بابەتی خۆمم پێشکەش کرد کە پەیوەست بوو بە جینۆسایدی کوردان و ڕەوشی نالەباری کەمە ئاینیەکان لە ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستاندا بەم شێوەیە :-

1-له باشووری کوردستاندا زیاتر له 10000(دههەزار) فەیلی و 8000(هەشتهەزار) بارزانی و 5000(پێنجهەزار) هەڵەبجەیی کۆمەڵکوژ کراون ، وە له 8 قۆناغی ئەنفالدا زیاتر له 182000(سەد و هەشتا و دوو هەزار) سڤیلی کورد له نێو براون ، ئەم ژمارەیەش سەرجەم زیاتر له 200000(دووسەدهەزار) کەس دەکات که دەکاته دوو هێندەی دانیشتوانی وڵاتی قەتەری ئەو کات . ئەو کوردانەی که له پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکوک و دیالەش مابوونەوە یان ناچار به کۆچبەرییان دەکردن یاخود به زۆر ناسنامەکەیان دەگۆڕین بۆ ناسنامەی عەرەبی .
ئەم تاوانەش هەم لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و هەم لەلایەن پەڕلەمانی عێراق و هەم لەلایەن دەیان پەڕلەمانتاری ئەورووپییەوە به جینۆساید ناسراوە ، لەبەرئەوە داخوازم که ئێوەش وەکو جینۆساید ئەم تاوانە گەورەیە بناسێنن که دژ به نەتەوەی کورد پیادەکراوە .
2- ئەگەر له ڕابردوودا به چەکی قەومی ئەنفال دەکراین ئەوا ئیمڕۆش هەمان دیاردەی ئەنفال بەردەوامە به ناوی ئاین و مەزهەبەوە که دژ بەو کوردستانیانە پیادە دەکرێت که هێشتا به داگیرکراوی ماونەتەوە و نەخراونەتەوە سەر هەرێمی باشووری کوردستان . چونکه له دەستووری هەمیشەییدا عێراق وەکو وڵاتێکی ئیسلامی ناسراوە و شەریعەتی ئیسلامیش بۆته یەکێک له بڕیاردەرە سەرەکیەکان ، بەهۆی ئەم بڕگەیەی دەستووریشەوە به هەزاران کەس له ئێزدی و کاکەیی و مەسیحیەکان(کریستیان) کۆکوژ کراون و به دەیان هەزاری دیکەشیان لێ دەربەدەر کراوە و به دەیان کەنیسە و پەرستگاشیان تەقێندراوەتەوە . لەبەرئەوە داواکارم با ژیان و ئاسایشی کەمە ئاینییەکان دابینبکرێت یاخود هێزی چەکدار له خۆیان بنیاد بنرێت و خۆیان خۆیان بپارێزن له سنووری هەرێمی کوردستاندا ، با چیدیکه کۆکووژی ڕوونەداتەوە و سنوورێکیش بۆ کۆچبەریکردنیان دابنرێت .

بۆ دوانیوەڕۆکەی ڕوومان کردە بنکەی جگەرخوین که لەلایەن ڕۆژنامەی "ئازادیا وەلات"ەوە خەڵاتی شەهید موسا عەنتەر دابەش دەکرا بەسەر نووسەرانی ڕۆژنامەکەدا ، بەر له گەیشتنمان بۆ بنکەی جگەرخوین پۆل پۆل منداڵانمان دەبینی که دەیانگوت ئێمەش ئاپۆچین . لەگەڵ گەیشتنمان بۆ بنکەکه پێشوازیکەران به جلوبەرگی گەریلاییەوە پێشوازیان لێدەکردین . له نێو هەزاران جەماوەری ئامادەبوودا سەرۆک شارەوانی ئامەد و چەندین پەڕلەمانتار و دەیان بەرپرسی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات"دتپ"ش تا درەنگانی شەو بەشدار بوون .
منیش هەمیشه بەراوردی ئەو ڕەوشەم دەکرد لەگەڵ باشووری کوردستاندا که به چ شێوەیەک له باکووری کوردستان سیاسەتمەدار و سڤیل تێدەکۆشن بۆ پوچەڵکردنەوەی سیاسەتی داگیرکەر ، بەڵام له باشووری ئازادکراودا سیاسەتی داگیرکەرانمان لەسەر پیادە دەکرێت و ئازادی کوردان دەکرێته خەونی نێو هۆنراوەکان .

**هەشتەمین سەرسوڕهێنەری جیهان**

یەکێک لەو پانێلانەی کە لە دووەمین ڕۆژی پانێلەکاندا پێشکەش کرا بریتی بوو لە "هاوکاری شارەوانیەکان و ڕۆڵ گێرانیان لە نێو کۆمەڵگادا" ، لەم پانێلەدا جگە لە چەند سەرۆک شارەوانییەکی باکووری کوردستان و سەرۆک شارەوانییەکی وڵاتی ڕووسیا کە خانمێک بوو ، لە هەمان کاتدا سەرۆک شارەوانی دهۆکیش بەڕێز"شیروان عبدالواحد حاجی ملۆ" ئامادەی پانێلەکە بوو .
من هیچ گوتەیەکم لەسەر لێدوانی سەرۆک شارەوانیەکانی باکووری کوردستان و خانمە ڕوسیەکە نییە چونکە ئەوەی دەیانگووت کەمی هەبوو نەک زیاد ، ڕۆڵی نیشتمانپەروەریشیان بە زیادەوە هەستی پێدەکرا لە نێو جەماوەر بەگشتی و چینی ئافرەتان بەتایبەتی . بەڵام تەنها شتێک کە نەک هەر جێگای سەرنجی ئامادەبوان بوو بەڵکو شایانی قاقای پێکەنینیش بوو ، ئەویش لێدوانی سەرۆک شارەوانی دهۆک کاک شیروان عبدالواحد حاجی ملۆ بوو کە دەتوانین ناوی لێبنێین بە "هەشتەمین سەرسوڕهێنەر لە جیهاندا" ئەویش ئەوە بوو کە دەیگوت {لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌دا ژنان دەهێندەی پیاوان مافیان هەیە و هەموو ئازادیەکانیشیان دەستەبەر کراوە}!!
بەڵام کاتێک نووسەری ئەم بابەتە دوو پرسیاری ئاڕاستەکرد بەم شێوەیە :-
پرسیاری یەکەم – بەڕێز کاک شیروان ، ئەگەر ژنان دەهێندەی پیاوان مافیان هەیە و هەموو ئازادیەکانیشیان دەستەبەر کراوە ! ئەی بۆچی ئەم هەموو ژنە لە باشووری کوردستان تیرۆر دەکرێن ؟ تەنانەت گەلێک سەرچاوەی بیانیش باس لە تیرۆرکردنی 30000"سیهەزار" ئافرەت دەکەن لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی حکومەتی هەرێمدا ؟ هەروەها چەند چالاکوانێکی ژنیش ناوی زیاتر لە 13000(سێزدەهەزار) ئافرەتی تیرۆرکراویان ڕاگەیاندووە !!!



پرسیاری دووەم – پەڕلەمان کە هەڵبژێردراوی گەلە ، بەر لە چەند مانگێک بڕیاری فرەژنی دەرکرد و ئەم بڕیارەش لەلایەن سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتیشەوە ئەرێ کرا ، بە مەرجێک لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا بڕیارێکی لەو جۆرە نەماوە ، وە لە نێو ئەو ئەندام پەڕلەمانانەدا چەند ژنێکیش هەبوون کە دەنگیان بە فرەژنی داوە ، کە دەنگی ئەم ژنە پەڕلەمانانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ژنان نەک هەر ئازاد نین بەڵکو خاوەنی بڕیارێکی ئازادیش نین و هەمان بڕیاری مێرد و باوک و براکانیان جێبەجێ دەکەن لە پەڕلەماندا . ئەگەر ئەمە بڕیاری پەڕلەمان بێت ئیتر لە چ ڕوویەکەوە ژنانی باشووری کوردستان دە هێندەی پیاوان مافیان هەیە و هەموو ئازادییەکانیشیان دەستەبەر کراوە ؟
بەڵام کاک شیروان نەک هەر وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی نەدایەوە ، بەڵکو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بەوە بەسەربرد کە گوایا خەڵکی باشووری کوردستان دەوڵەمەند بوون و پێویستییان بە کارکردن نەماوە و هەموویان فێری لوتبەرزی بوون ، لەبەرئەوە شارەوانی دهۆکیش 145 کرێکاری بەنگلادشیان دامەزراندووە بۆ خاوێنکردنەوەی شاری دهۆک .
لە ئەنجامی لێدوانەکاندا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوت کە بەرنامەیەکی پێشوەخت بۆ نێردراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادە کراوە تاوەکو لەسەر ئەو بەرنامەیە بڕۆن . چونکە کەسێکی دیکە لە بەرپرسانی پارتی کە هاوکاری کاک شیروان بوو بە ناوی پرسیارکردنەوە هەستا و وەڵامی یەکەم پرسیاری منی دایەوە بەم شێوەیە ( ئێمەی کورد میللەتێکی عەشایەرین و هیچ کاتێکیش دابونەریتی عەشایەری فەرامۆش ناکەین ، لەبەرئەوە ئەگەر کچێکمان بەبێ پرس بچێتە دەرەوە ئەوا بەشی هەر کوشتن دەبێت و دەیکوژین . ئەو 30000ئافرەتەش کە کوژراون هەمووی بەو هۆکارەوە بووە ) .

وەڵام دانەوەی ئەم بەڕێزەی پدک ئەگەرچی بۆ پشتیوانی و هاوکاریکردنی کاک شیروان عبدالواحد بوو بەڵام لە ڕاستیدا عوزرێکی گەلێک لە قەباعەت خراپتر بوو ، لەبەرئەوەی چەندین دەزگای جیهانی ئەم گوتانەیان دەگوێزایەوە .
هەر دوای لێدوانی ئەم بەڕێزە ، کەسێکی دیکە لە هاوکارەکانی کاک شیروان بەناوی پرسیارکردنەوە کەوتە وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم و گوتی :- بڕیاری فرەژنی لەلایەن پەڕلەمانەوە دەرکرا و هیچ پەیوەندییەکی بە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکوەزیرانەوە نەبووە ، تەنانەت سەرۆکی هەرێم توشی سەرسوڕمانیش هات لە بڕیارێکی وەهادا کە لەلایەن پەڕلەمانەوە درابوو .
ئێمەش لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەکرێت پرسیار بکەین و بڵێین :- ئایا هەموو بڕیارێکی پەڕلەمان ناگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی هەرێم دواین بڕیاری خۆی لەسەر نادات ؟

**هەڵهاتن لە ڕاستی**

دووەمین ڕۆژی پانێلەکان دەرباز بوو ، ژمارەی بەشداربووان هەر لە زیادبووندا بوو ، سەرهەڵدانی جەماوەریش ڕووخسارێکی دیکەی بە شاری ئامەد بەخشیبوو ، لە لایەک فەلەستینیەکان خۆپیشاندانیان ساز دەکرد و لە لایەکیش زەحمەتکێشانی مەکسیک بە سروودی "گەریلا ، گەریلا" ئاهەنگیان ساز دەکرد ، لە یەک کاتدا لە چەندین هۆڵیش پانێل بەڕێوە دەبرا ، کاتیش زۆر بە خێرایی دەرباز دەبوو ، کەناڵە تەلەفزیۆنی و ڕاگەیاندنەکانیش هەمیشە لە سازدانی دیمانە و ڕیپۆرتاژ ئامادەکردندا بوون . ئەم ڕەوشە تاوەکو درەنگانی شەو درێژەی کێشا .

کاتێک گەڕاینەوە بۆ شوێنی پشوودان لە ئوتێل ، لە رووخساری بەرێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا زۆر بە ڕوونی هەستی پێدەکرا کە نیگەرانن بە ڕەوشێکی لەو جۆرە ، هەر بۆیە دەستبەجێ داوایانکرد کە مێزگردێک ساز بکرێت لە هوتێلەکە ، لە هوتێلەکەدا جگە لە بەرێزەکانی پدک-عێراق و من ، دوو بەرێزی ڕۆژهەلاتی کوردستان و باکووریەیەک و بەرێزێکیش لە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئامادەبوون و هەمووشمان بەشداریمان لە مێزگردەکەدا کرد.

هەر لە سەرەتاوە باس هاتە سەر بەنداوی بێخمە و تالانکردنی لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە ، بەلام بەرێزەکانی پارتی ئەم دیاردەیەیان زۆر بە کارێکی باش و نیشتمانپەروەرانە لە قەڵەم دەدا و دەیانگووت ناوچەکانی بارزان و بەشێک لە بادینان بن ئاو دەکەوتن و تەنانەت شاری ئامێدیش وەکو دوورگەیەکی لێدەهات .

خۆ کاتێک کاک ئازاد زاڵ کە نووسەرێکی بەناوبانگی باکووری کوردستان بوو گوتی :- ئایا دەبێت تالانکردنی بەنداوی بێخمە چ نیشتمانپەروەرییەک بێت ، لە کاتێکدا دەبینین دەیان ساڵە خەڵکی باشووری کوردستان هەم ئاوی خواردنەوەیان نییە و هەم لە ڕووناکیش بێبەش کراون ؟!

یەکسەر بەرێزەکانی پارتی بۆ ئەوەی کاک ئازاد زاڵ لە زۆر ووردەکاری دیکە ئاگادار نەبێت گوتیان :- هەڤاڵ تۆ ئیمڕۆ گەلێک ماندو بوویت ، لەبەرئەوە برۆ بخەوە با پشوویەک بدەیت تاوەکو سبەینێ .

کاتێک هەردوو بەرێزەکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان گوتیان :- ئێمە گریانمان دەهات بۆ ئەو بەنداوە کە هێندە بێرەحمانە تالانکرا و هەرزانفرۆش کرا بە ئێران .

هەموو وەلامەکەی بەرێزەکانی پدک ئەوە بوو کە دەیانگوت :- هەر شتێک ئەگەر داگیرکەر دروستی بکات ئەوە باش نییە ، لەبەرئەوەی بەنداوی بێخمەش داگیرکەر دروستی کردووە کەواتە باش نەبووە .

پاشان خۆیان لەم باسە لادا و هاتنە سەر ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی تاڵەبانی و بارزانی و هوشیار زێباری .

نووسەری ئەم بابەتە چەند پرسیار دەکات و دەڵێت :-

نووسەری ئەم بابەتە :- چ ڕۆڵێکی شۆڕشگێرانەی تاڵەبانی و هوشیار زێباری باس دەکەن ؟

وەلام :- ئەوانە سەری کوردیان بڵند کردووە لە بەغداد .

نووسەری ئەم بابەتە :- من لەو باوەڕەدام ئەگەر بە گوتەش بێت بارزانی ڕازی نەبووە ، دەنا لە مێژ بوو لەسەر دەستی تاڵەبانی و هوشیار زێباریدا شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکیش ڕادەستی داگیرکەری عێراقی کرابوونەوە .

ئەو بەرێزەی کە لە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاری دەکرد هاتە قسە و گوتی :- ئایا کاک جەلال تۆ لەو باوەڕەدایت کە هوشیار زێباری خیانەت لە خوشکەزاکەی خۆی بکات کە کاک مەسعودە ؟ هوشیار زێباری هەر هیچ نەبێت لەبەر خاتری کاک مەسعود دەیان پیلانگێری دەرەکی لەسەر کورد پوچەڵ کردۆتەوە .

نووسەری ئەم بابەتە :- سابیر و لوقمان و عوبەیدوڵلا هەرسێکیان کوڕی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بوون و برای مەسعود بارزانیش بوون ، بەلام ئەگەر ئێستا زیندوش ببنەوە ئەوا جارێکی دیکەش خۆیان فیدای بەعس و عروبە دەکەن .

پاش ئەم گوتەیە بێدەنگییەک مێزگردەکە دادەگرێت ، پاشان بەڕێزەکانی پارتی زوخاوی دڵی خۆیان بە عەشیرەتەکانی سندی و لۆلانی و زێباری و هەرکی و برادۆستی و سورچی و شیروانی دەڕێژن و تەنها کەسێکیان لێ دەرباز ناکەن و هەموویان وەکو خیانەتکار پێناسە دەکەن .
پاش کۆتایی هاتنی مێزگردەکە یەکێک لە بەڕێزەکانی پارتی هاتە لای نووسەری ئەم بابەتە و گوتی :- هەڤاڵ جەلال ، بڕیارمان وەرگرتووە کە سبەینێ بەشداری نەکەین لە پانێلەکاندا و بەناوی سەیرانەوە دەچین بۆ هەسکێف"حەسکێف" {هەسکێف شوێنێکی مێژووییە لە باکوری کوردستان ، کە دەوڵەتی تورک دەخوازێت ئەم شارە لەنێو ببات بەهۆی دروستکردنی بەنداوەوە} . لەبەرئەوەی بەر لە هاتنمان بۆ ئامەد پێمانڕاگەیەندرا کە ئەگەر هەر بڕیارێک وەرگیرا ئەوا دەبێت هەموومان قبووڵی بکەین ، دەنا تووشی لێپرسینەوە دەبین ، من خۆم زووتر لایەنگری حیزبی شیوعی بووم بەڵام ئێستا لایەنگری پارتیم .

نووسەری ئەم بابەتە :- تۆ خۆت ئازادیت لە هەر بیروباوەڕییەک ، بەڵام باوەڕ ناکەم کێشەی کورد بە هێزێکی خێڵەکایەتی چارەسەر بکرێت !
ئەو بەڕێزە دێتە وەڵام و دەڵێت :- کاک جەلال گیان ، من بەرژەوەندیەکانم لەلای پارتی زۆر باش پارێزراوە ، ئیتر چیم داوە لە حیزبی شیوعی هەتا ژەمێک تێر دەبووم سێ ژەم برسی بووم ، ئێستا بە خۆم و هاوسەرەکەم نزیکەی پێنج هەزار دۆلار وەردەگرین نیعمە الله(واتە خودا نەیبڕێت – نووسەر) ، باوەڕ بکە کەلاوە کۆنێکمان هەبوو لە دهۆک هیچ کەسێک 5دەفتەر دۆلاری نەدەداینێ ، ئێستا ئەو کەلاوەیە بەر جادە کەوتووە و کاک مەسعود 5بلۆک دۆلاری داوینەتێ ، ئیتر بۆچی لەگەڵ پارتی نەبم ؟ خۆ ناچم جەبهەی بۆ بگرم ! هەتا پارتی پارەم بداتێ منیش ڕووی تێدەکەم ، خۆ هەر کاتێک پارەشی نەدامێ ئەوا پشتی تێدەکەم(بە پێکەنینەوە) .

**دەرەنجامەکان**

لە ئامەد سێیەمین ڕۆژ دەرباز دەبوو کە دوایەمین ڕۆژی پانێلەکان بوو ، لەبەرئەوە هەم شەپۆلی جەماوەر زیادی دەکرد و هەم پانێلی زیاتریش لە یەک کاتدا بەڕێوە دەچوو ، ئەمە جگە لەوەی کە هەر هۆڵێک لەو هۆڵانەی کە پانێلی تێدا دەبەسترا زیاتر قەرەباڵغ دەبوو .
لە لایەک پانێلی پێڤاژۆی شەڕ و ئاشتی و لە لایەک پانێل لەسەر زیندانیان و تەجرید ، لە لایەک پانێلی چاپەمەنی و وەشاندن لە لایەک پانێل لەسەر میدیای ئەلتەرناتیف ...هتد .
پاش کۆتایی هاتنی پەنێلەکان و پشوویەکی چەند سەعاتی ، ئەنجامی پانێلەکانی سۆسیال فۆرووم ڕاگەیەنران کە بڕیاریان لەسەر وەرگیرابوو ، بەشێک لەو ئەنجامانەی کە پەیوەست بوون بە کوردانەوە بریتی بوون لە :-
1 - بڕیار وەرگرتن لەسەر کۆنفدرالیزمی دیموکراتی .
2 -دانانی دەستوورێکی دیموکراتی کە هەموو مافەکانی کوردانی تێدا دەستەبەر بکرێت .
3 - کۆتایی هێنان بە دیاردەی میلیشیایی و بەکرێگیراوی و چەتەگەرایی کە تورکەکان برەوی پێدەدەن .
4 - پەروەردە و خوێندن بە زمانی زگماکی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا و بە خۆڕایی کردنی خوێندن لە 12 ساڵی یەکەمدا.
5 - کۆتایی هێنان بە نەژادپەرستی و باڵادەستی گەلانی سەردەست و داگیرکاری لەسەر کوردان .
6 - گەڕاندنەوەی ناوە کوردیەکان بۆ هەموو شار و دێهاتێکی کوردستان و ئازادکردنی ناوی کوردی لەسەر منداڵان .
7 - دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ هەموو زیندانیانی سیاسی و ئازادکردنیان .
8 - کۆتایی هێنان بەو بکەرە نادیارانەی کە کەسایەتیە سیاسی و ڕۆشنبیریەکانی کوردان دەکەنە ئامانج و تیرۆریان دەکەن .
9 - گەڕاندنەوەی ئەو هاووڵاتیە کوردانەی کە دووچاری کۆچبەری و ڕاگوێزان کراون بۆ شوێنی خۆیان .
10 - کۆنفرانسی ژنان ببەسترێت و مافی وەک یەکیان هەبێت لەگەڵ پیاواندا .
11 - تێکۆشانی زیاتر لە پێناو پرسگرێکی گەلان و لێکنزیک کردنەوەیان .
12 - ئازادی بە ڕێکخراو بوون و چاپەمەنی و ڕاگەیاندن .
13 –کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی و زیادکردنی دەسەڵاتی هەرێمەکان .

پاش کۆتایی هاتنی دەرەنجامەکان بە سەدان ڕێکخراوی جیهانی پشتگیری و هاوسۆزی خۆیان دەدایە کوردان و دەنگی خۆیان دەخستە پاڵ دەنگی کوردان بۆ ئازادی نەتەوایەتی و ئازادی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ڕێبەری کوردان .
یەکێک لەو ڕێکخراوانەی کە لە هەرسێ ڕۆژی پانێلەکاندا بەشداری بەرچاویان هەبوو بریتی بوو لە ڕێکخراوە فەلەستینیەکان کە هەمیشە دووبارەی ئەو گوتەیەیان دەکردەوە و دەیانگوت :- لە ڕابردوودا تێگەیشتنی ئێمە لەسەر کوردان گەلێک چەوت بوو بەهۆی دەستتێکەڵاوی چەند لایەن و کەسایەتی کوردییەوە لەگەڵ موسادی ئیسرائیلیدا ، بەڵام دوای بەرپابوونی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی کوردان بە ڕێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان ، ڕوانگەکان لەسەر کوردان بە تەواوەتی گۆڕدران و بە ئەرکی سەر شانی خۆشمانی دەزانین کە لە پێناوی ئازادی کوردستان و کورددا فیداکاری بکەین و گیانی خۆمان فیدا بکەین .
لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەرەنجامەکاندا ، تەنها خولیایەک کە زۆر ئاواتم بوو سەردانیان بکەم بریتی بوون لە دایکانی ئاشتی و کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و شارەوانی ئامەد و کۆمەڵەی پەروەردەی زمانی کوردی و ئەنیستیتۆی کوردی و یەکێتی نووسەران و بنکەی ڕۆژنامەی ئازادیا وەلات ، بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەو ڕێکخراوانە و چاودێری کوردۆساید(چاک)دا ، کە شارەوانی بەڕێزی ئامەد کار ئاسانی تەواوەتیان بۆ کردم و هەموو دیدارەکانیان بۆ بە ئەنجام گەیاندم و ئامادەکاری تەواوەتی

هەر یەک لەو ڕێکخراوانەش هەبوو بۆ هەر پەیوەندی و هاوکارییەک لەگەڵ چاودێری کوردۆساید"چاک"دا .
لە کۆتایدا تەنها ئەوە ماوەتەوە کە بڵێم ، بریا وەکو پارتە وابەستەکانی باشووری کوردستان هیچ ئەزموونێک لە خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان وەرناگرن ئەوا شارەوانی و سەرۆک شارەوانیەکانی باشووری کوردستان ئەزمونیان لە شارەوانی و سەرۆک شارەوانیەکانی باکووری کوردستان وەربگرتایە و تەنها بە چارەکێکی ئەوان خزمەتیان بە هاووڵاتیان بکردایە . چونکە هەموو کار ئاسانیەک لە هۆکارەکانی هاتوچۆ و شوێن دابینکردن هەم بۆ پانێلەکان و هەم بۆ هاووڵاتیان و ڕێکخستنی هەموو ئامادەبوان و ...هتد لەلایەن شارەوانی ئامەدەوە بۆ نزیکەی 200 ڕێکخراوی جیهانی و هەزاران کەسانی بیانی دابینکرابوو .

کۆتایی